**کۆڕی بەڕێز / وەزیری پەروەردە : عەبدولعەزیز تەیب**
**"  ڕەوشی پەروەردەو فێرکردن لەکابینەی چولرەمدا "**

## لەماوەی دووساڵدا 911 قوتابخانە نۆژەن و دروست کراون و ، بڕیاریشە وانەی کۆمپیوتەر لـەئامادەیی و پەیمانگەکاندا بخوێندرێت



چەمکی پەروەردە و فێرکردن پانتاییەکی فراوان وگرنگ و کاریگەری لە تەواوی بوارەکانی ژیـان و پاچ رۆژی کۆمەڵگادا هەیە ، بەمانایەك ئەگەر پڕۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن بە شێواز ێکی دروست و زانستیانە دانرابێت گومان لەوەدا نامێنێ کە پرۆسەی ژیانی کۆمەڵگای کوردستان نەدەکرد و چۆن خراپەکاری و شێواندن هەموو لایەنەکانی گرتبۆوە ، رەوشی پەروەردە و فێرکردنیش لەو شێواندنانە بێبەش نەبوو . رەنگە چاککردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی گوندە خاپوور کراوەکان زۆر ئاسانتربێ لە راست کردنەوەو راستەرێ کردنی پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن ، چـونکە زەحمەتـە زەیـن و مێشکی مرۆڤێکـی شـێوێندارو بــە هەنــدێ پرۆگرامــەوە چ لەســەر ئاســتی باڵاخانــەی قەتابخانــەکان و خولــە زانستیەکانەوە بووبێت ، ئێستا قوتابخانە لە دوورترین گوند هەیە . ئەمـەش راستـەوخۆ بـۆ ئـەو بایـەخ و گرانگیدانە دەگەڕێتەوە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەم بوارەی دەدات ، هەروەك سەرۆك بارزانی دەڵێ " ئەگەر دوومالْ لـە شـوێنێك هـەبێ ، سـێیەم مـالْ دەبـێ قوتابخانـە بـێ " . ئەزانیاریانـەی لـەم راپۆرتـەدا هاتوون کرۆکی بابەتێکی مامۆستا عەبدولعەزیز تەیبی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە بە ناونیشانی " رەوشی پـەروەردە و فێرکـردن  لـە کابینـەی چوارەمدا " لـە بنکـەی رۆشـنبیریی کـاوە پێشکەشی کرد .

## گوندە بێ قوتابخانەکان

وەك لە سەرەتاوە ئاماژەی بۆ کراوە ، هەموو کارە پەروەردەییەکان لەسەر بنەمای ئامـار بەڕێوەدەچـن . هەر لە هەنگاوە بەراییەکاندا دەرکەوت کـە ( 298 ) گونـد بـێ قوتابخانـەن . لـە دەوروبـەری هـەولێر 59 گونـد و لـە ناوچـەی سـۆران ، کەئێستا پڕۆسـەی ئاوەدانکردنەوەیـەکی گـەورە بەخۆیـەوە دەبینـێ و ئـەو گوندانەی لە دوای ساڵی 1975 و ئاخروئۆخری هەشتاکان وێران کرابوون ، سەر لە نوێ ئاوەدانکراونەتەوە ، لەم ناوچەیە ( 88 ) گوند بێقوتابخانە بوون و لە دەوروبەری شەقلاوە و سەلاحەدینیش ( 32 ) گوند . بۆچارەسەرکردنی ئەمەش وەزارەت سەرقاڵی دانانی پڕۆژەیە .

## ئاستەنگەکان

نەبوونی باڵاخانەی پێویست کە یەکسان بێ لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی ، ئاستەنگێکی زەقی بەردەم پرۆسەکەیە ، ئەوەتە لە هەولێر و دهۆك پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر قوتابخانەکاندا هەیە ، چونکە قوتابخانە هەیە سێ شەفت دەوامی لێ دەکرێ . ئاستەنگێکی دیکە ئەوەیە ، کە زارۆکێن کورد حەز لە قوتابخانە ناکات . ئەمەش گرفتێکی گەورەیە و لەهەمانکاتدا پرسیاریشی دروست کردووە : سەرچاوەی ئەم دیاردە و گرفتە چیە ؟ رەنگە لە سەرەتاوە پەیوەندی بە ژینگەوە هەبێ ، بەمانایەکی دیکە پەیوەندی نێوان هەردووکیانداهەیە . بۆ چارەسەری ئەمەش پێویستە هەوڵبدرێت ژینگەیەك دروست بکرێ و قوتابخانە بە شێوەیەك دروستی بکرێ کە خۆشیەك بە منداڵ ببەخشێ. خاڵێکی دیکە کە لە بنەڕەتدا بەشێك نییە لە کەلتووری کورد بەڵکو سەپێندراوە ، بوونی توندوتیژییە ، کە دوژمنانی کورد بۆ مەرامەکانی خۆیان پێڕەویان کردووە و کاریان بۆ چەسپاندنی کردووە . دەبێ ئەو راستییەش بڵێین کە لە پێنج ساڵی رابردوودا کار بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان کراوە ، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆریشیان بەبێ چارەسەر ماون و چارەسەرکردنیان هاوکاری هەمووانی پێویستە .

## قۆناغی سەرەتایی

خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا لە تەمەنی ( 6 ) ساڵییەوە دەست پێ دەکات و ئەمەش بە باشترین قۆناغ دەژمێردرێت .

- لەم قۆناغەدا خوێندن ئیلزامییە
- هەوڵ دەدرێ قوتابخانە لەنزیك ماڵەکاندا دروست بکرێ .
- 298 قوتابخانە لە گوندەکان هاتۆتە ئاوەدان کردن و بە هۆیەوە ( 8028 ) کەس لە نەخوێندەوەواری رزگار بوونە ، پێشتر لە ( 201 ) گونددا خانوو بۆ قوتابخانە بەکرێ گیرابوو .
- بڕیارە بۆ ساڵی داهاتوو وانە گوتنەوەی ئەلف و بێی کوردی لە پۆلی یەکەمدا تایبەتمەندبێ .
- هەوڵی زیاد کردنی وانەی رەسم و سروود و وەرزش دراوە بۆ ئەوەی قوتابخانە لای قوتابی خۆشەویست بێ .
- هەوڵ لە ئارایە بۆ کردنەوەی خولی بەهێز کردنی قوتابیان لە هەموو گەڕەکاندا .
- سەبارەت بە بڕیاری 986 هەوڵەکان بەو شێوە بوو کە سوودێکی تەواوی لێ وەرگیرێ لە دوو لایەنەوەش سوود وەرگیراوە ( چاککردنی ئاستی بژێوی مامۆستایان و پێڕاگەیاندنی زانیاری تازە )

جگە لەوانەش بڕیارە کۆمپیوتەر لە ئامادەیی و پەیمانگاکان بخوێندرێت و ئێستا نزیکەی ( 301 ) کۆمپیوتەر هەیە .

## چالاکییەکان

وەزارەتی پەروەردە لە ماوەی ئەم دووساڵەدا ئەم کارانەی خوارەوەی ئەنجام داوە :

- کردنەوەی 692 قوتابخانە
- نۆژەن کردنەوەی 282 قوتابخانە
- دروست کردنی 66 خانوو بۆ مامۆستایان
- دروست کردنی 56 خانوو بۆ پاسەوانانی قوتابخانەکان .
- دروست کردنی 172 ژوور بۆ ئەوقوتابخانانەی دوو شەفت و سێ شەفت دەوامیان لێ دەکرێ .
- بەشدار بوونی 231 فەرمانبەر لە خولی کۆمپیوتەر
- دامەزراندنی 2826 مامۆستا
- کردنەوی ( 2 ) پەیمانگای هونەرە جوانەکان یەکێك لە هەولێرو ئەوی دیکەش لە دهۆك ، کە ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدان.
- دروست کردنی ( 2 ) بینایەی سەرپەرشتیاری لە هەولێرو دهۆك .
- کردنەوەی ( 5 ) بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
- کردنەوی چەندان قوتابخانە بۆ تورکمان و ئاشوورییەکان

جگە لەمانەش هەوڵەکانیش بۆ پێداچوونەوە بە هەموو ئاستەکاندا بەردەوامە .

## کارنامەی حکومەت

بایەخدانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوی بوارەکان شتێکی زەق و بەرچاوە ، بواری پەروەردەش بایەخێکی تایبەتمەندی پێدراوە و نێچیرڤان بارزانی لە راگەیاندنی کابینەی چوارەمدا جەختی لەسەر بواری پەروەردە کردەوە و گوتی : " دەبێ بودجەیەکی باشی بۆ تەرخان بکرێ و نابێ هیچ گوندێك بێ قوتابخانە بێت " هەروەها تەرکیزی لەسەر فەلسەفەی کۆمەڵایەتی – کوردایەتی کرد ، کە لە رێگەی پەروەردەوە دادەڕێژرێتەوە لەسەر ئەو تێڕوانین و بنەمایەوە ، حکومەتی هەرێمی کوردستان کاردەکات و هەنگاوی ناوە . یەکەمین هەنگاوی کە نرابێ ئەوە بوو کە وەزارەتی پەروەردە بەهاوکاری رێکخراوی یونیسێف ئامارێکی سەرتاسەری کرد ، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بناغەیەکی دروست بۆ کارەکانی دابڕێژرێت . ئێستاش لە پلان و نەخشەدانانی پەروەردەییدا ، لە پایتەختی هەرێم کۆمپیوتەر بەکاردێت ، بەرەو پێشفە چوونەکەش لە ئاستێك دایە ، کە کوفی ئەنانی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئاماژەی پێداوە " لە هەولێر ، لە بواری پەروەردەدا بۆ بیاڤی پلاندانان کۆمپیوتەر بە کاردێنن " هەر لە میانەی هەنگاوی یەکەم دەرکەوت کە لە 36 ٪ کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەتی لە هەولێر و دهۆك نەخوێندەوارن .

جا ئەگەر ئەو رێژەیە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری هەرێم بەراورد بکەین ، دەبینین رەوشی کوردستان باشترە وگومانیش لەبەرەو باشتر چوونیدا نییە .

## چاکسازییەکان

ئەگەر چاو بە ڕەوشی پەروەردەو فێرکردن بخشێنن لە دوو زەمەنی جیاوازدا ، دەبینین چاکسازی کراوە ، چاکسازییەکەش لە باخچەی ساوایان هەنگاوی هەڵگرتووە . بۆ پێداچوونەوەش :

-  لەماوەی دووساڵی رابردوودا وەزارەتی پەروەردە ( 13 ) پسپۆڕو شارەزای داناوە ، کە هەر مادەیەك پسپۆڕێکی بەر دەکەوێ .
-  خولێکی ( 4 ) مانگی بۆ مامۆستایانی باخچەی ساوایان و ( 60 ) منداڵی باخچەکان بە هاوکاری رێکخراوی دیاکۆی سویدی کراوە .
-  ( 10 ) هەزار دانە لە کتێبی سویدی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی .
-  ( 6 ) مەحەتەی دابین کراو بەکەل و پەلی باشەوە کراوەتەوە .
-  باخچەو یاریگایەك کراوەتەوە .
-  بڕیارە بۆ ساڵی ئایندە لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی کچان بەشێك ، بەناوی بەشی باخچەی ساوایان بکرێتەوە .

لەبەر ئەوەی منداڵانی باخچەی ساوایان لە نێوان تەمەنی 4و5 ساڵی دان ، ئەم تەمەنەش هەمووی بزاڤ و جووڵەیە و پێویستیان بەخوێنی گەرمترە ، بۆیە ( 163 ) مامۆستای باخچەی ساوایان خانەنشین کراون.

-  بۆ ساڵی خوێندنی ( 2002 – 2003 و 2003 – 2004 ) نزیکەی ( 107 ) هەزار زارۆك روو لە باخچەکان دەکەن ، واتە پێویستی بە ( 1000 ) باخچەی ساوایانە .

بۆیە وەزارەت لەگەڵ یونسکۆ رێککەوتووە کە چۆن پێشوازی لەو ژمارەیە بکەن کەماڵی ئامادە دابین بکرێ و بڕیارە ئەم هاوینە دەست پێ بکات .

بەروار : 14 / 5 / 2002